# جەماوەری ناڕازیو ڕا پەڕیوی کەلار و کوردستان ئەم سەرکەوتنەتان پیرۆزبێت

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ وەفدێکی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە پێکهاتبوو لە عوسمانی حاجی محمود وەزیری ناوخۆو ئاوات شیخ جەناب بەرپرسی مەلبەندی ریکخستنی 11ی گەرمیانو قایمقامو چەندین بەپرسی تری ناوچەکە لە گەل نوێنەرانی خوپیشاندانی رۆژی 9/7ی شاری کەلاردا کە دژ بە گەندەلی ئیداریو لەپیناو دابینکردنی ئاوو کارەباو سوتەمەنیدا، بە دەستپێشخەری کۆمەڵەی بەمەدەنیکردنی کەلارو رزگاری، هەستابوون پیَی کۆبونەوە. نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە لە 6 کەس پیکهاتبون " ریبین تەها، بەرزان فەرەج، ریبازو فریاد لە کۆمەلەی بەمەدەنی کردنو دوو نوێنەری تر لە کۆمەڵەی گۆڕان"

لەم کۆبونەوەیەدا بەرپرسانی یەکێتی نیشتمانی چەندین بەلێنیان داوە سەبارەت بە دابینکردنی داواو خواستەکانی جەماوەری ناڕازی شاری کەلارو بەلێنی بە نوێنەران داوە کە پرۆژەی خۆیان بۆ خزمەتگوزارییەکانی شاری کەلار لە کۆنفرانسی ئاوەدانکردنەوەی گەرمیاندا پێشکەش بکەنو ئەوانیش لەبەرچاوی دەگرن، کە بەقەولی ئەوان لەماوەیەکی نزیکدا ئەم کۆنفراسنە دەبەسترێت. شایانی باسە هەر لەپەیوەند بە بەرزبونەوەی دەنگی نارەزایەتی خەڵکی کەلارو بلاوبونەوەی مقۆمقۆی خۆپیشاندان لەشاری سلێمانی بۆ دابینکردنی کارەبا، لەچەند رۆژی ڕابوردودا، دوێنی 9/8 لە کۆشکی پاریزگای سلێمانی کۆبونەوەیەك ریکخراوە کە تیایدا پاریزگاری سلیمانیو بەرپرسی کارەبای هەرێمو بەرێوەبەری کارەبای سلیمانی لقەکانیو هەروەها بەرێوەبەری کارەبای بەنداوەکان کۆبونەوەیەکیان بوە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا کردوە.

خۆپیشاندانی جەماوەری شاری کەلار هەنگاوێك چۆتە پێشەوەو ئەم سەرکەوتنە لە خەڵکی کەلارو ڕابەرانی ئەم بزوتنەوەیە وخەڵکی کوردستان پیرۆزبێت. بەلاّم پێویستە نوێنەرانیخۆپیشاندانی کەلارو خەڵکی ناڕأزی کوردستان زیاتر و پتەوتر لەجاران یەکگرتوییو ڕیکخراوبونی ریزەکانی جەماوەری ناڕازی بپارێزنو هەنگاوی گەورەتر بنێن لەپێناو بەدیهێنانی ئەم خواستانەدا. وەعدەو بەلێنی یەکێتی نیشتمانی تەنیا کاتێك جێبەجێدەکرێت کە خەڵکی ناڕازی لە سەرشەقامەکان بە ڕیکخراوەییو ئیرادەیەکی پۆلاینەوە وەستابن، ئەگەر نا، ئەوا پەیمان وبەلێنی یەکێتی نیشتمانی هەمیشە لە پێناو ئابلوقەدانی ناڕەزایەتی خەڵکدا بوە نەك جێبەجێکردنی بەلێنەکانیو دابینکردنی خواستەکانی خەڵك، بەتایبەت لە ئێستادا کە دەیانەوێت خەڵك بەرەو سندوقی دەنگدان بەرن بۆ ریفراندۆمی دەستوری ئیسلامی–قەومی کۆنەپەرستو دواکەوتوو، پەیمانو بەلێنەکانیان زۆرتر دەبێتو دەبیت ڕابەرانی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵكو سەرجەم خەڵکی کوردستان بەهوشیارییەوە بڕواننە ئەم هەلومەرجەو بەوەعدەو بەلێنەکان ڕازی نەبن، بەڵکو خۆیان بکەنە تەرەفێك لە جێبەجێکردنی هەر پرۆژەو هەر خواستێکی ئینسانی کە هەیانەو ئەم خواستە بکەنە خواستێکی سەرەکی هەر ناڕەزایەتیەك کە ڕیکیدەخەن لە پێناو دابینکردنی خواستەکانیان لە سوتەمەنیو کارەباو ئاوو ڕیگاو بانو..... پەیمانو بەلێنەکانی یەکێتی نیشتمانی، بۆ نوێنەرانو ڕابەرانی جەماوەری ناڕازی، پێویستە ببێتە سەرتای خۆئامادەکردنێکی نویَ لەپێناو بەدێهینانی سەرجەم خواستەکانی خەڵکی کوردستاندا.

ڕیکخراوی کوردستان

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

2005/9/9